Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە رێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## تایبەتی کەسانێ کە تازە هاتوونەتە سوید

پەناخوازانێ کە لانیکەم ۱۸ ساڵیانە و هەروەها کارتی LMA یان هەیە مافی وەرگرتنی "چاوەدێریەکانی تەندروستی دەستبەجێ و چاوەدێریی خێرا"یان هەیە. پزیشک سەبارەت بەوەی کە داخوا سەبارەت بە نەخۆشیەک یان برینێک خزمەتگوزاریی چاودێریی پێشکەش بکرێت یان نا بریاری پێویست دەدات. سەبارەت بە چاودێریی فریاکەوتنی پزیشکیی ددان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی فریاکەوتنیش وەها یاسایەک هەیە.

منداڵان و تازەلاوانی ژێر ۱۸ ساڵی پەناخوازەکان مافی چاودێریی تەندروستییان هەیە وەکو مافی منداڵان و لاوانێ کە لە سویدا دەژین و پەنابەریەتی ئەوان تۆمار کراوە. کاتێ کە دەگەنە تەمەنی ۱۹ ساڵانی ئەنجومەنی ناوچە خزمەتگوزاریی تەندروستی بەخۆرایی پێشکەشیان دەکات.

هەموو منداڵان و کەسانی گەورەساڵی پەناخواز و هەموو منداڵانی کۆچبەری نایاسایی مافی کەڵکوەرگرتن لە چێکاپی چاودێریی تەندروستییان هەیە.

ژنانی دووگیان و پەناخواز نەتەنیا مافی کەڵکوەرگرتن لە چاودێریەکانی سەردەمی سکوزا و پاش سکوزایان هەیە، بەڵکو دەبێت راوێژکاریی بەرگیری لە سکپری پێشکەشیان بکرێت و ئەگەر منداڵیان لە بار برد لە چاودێریی پزیشکی پێویست کەڵک وەرگرن.

### تێچوونەکانی پێوەندیدار بە پەناخوازەکان

- تێچوونی چاوپێکەوتن لەگەڵ پزیشک لە ناوەندی چاودێریە پزیشکیەکانی سەرەتایی یان چاودێریی پزیشکی پاش ناردن دەبێتە ۵۰ SEK.
- تێچوونی دیکەی چارەسەریەکانی چاودێریی پزیشکی ۲۵ SEK دەبێت بە ناردن لەلایەن پزیشکێکەوە کە لە سیستەمی چاودێریی تەندروستی (نەخۆشخانە) حکومەتی خەریکی کارە.

- ئەگەر بێ ناردن لەلایەن پزیشکی گشتییەوە بچنە کەرتی نشتەرگەری پسپۆرانە یان فریاکەوتنی دەبێت تێچوونی ئاسایی بدەن.

- پەناخوازەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لە ئیمکاناتی هاتوچۆ بۆ ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی دابینکراو لەلایەن ئەنجومەنی ناوچەوە بەخۆرایی کەڵک وەرگرن. تێچوونی هەر سەفەرێکی ناو شاری لانی زۆر ۴۰ SEK دەبێت.

لە بیرتان هەبێت کە پێویستە کاتی وەرگرتنی خزمەتگوزاریی تەندروستی یان خزمەتگوزاریی زار و ددان کارتی LMA خۆتان پیشان بدەن. پێشکەش کردنی ئەم کارتە لە کاتی کرینی دەرمانی پسولەی پزیشکی لە دەرمانخانە و لە کاتی کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاریی هاتوچۆ بۆ ناوەندەکانی تەندروستی، پێویستە.

لە ماڵپەری ئینشورانسی کۆمەڵایەتی ناوچەییدا (Regional Social Insurance) هەندێ زانیاریی بە زمانە جۆراوجۆرەکان هەیە، www.forsakringskassan.se/privatpers/ny_i_sverige

لە فەرمانگەی ئینشورانسی کۆمەڵایەتی ناوچەییشدا (Regional Social Insurance Office) دەتوانن پەیوەندی کردنی تەلەفۆنی بە دە زمانی جۆراوجۆر رزێرڤ بکەن. لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی بە زمانی ئینگلیزی بە ژمارەی 0771 524 524 پەیوەندی بکەن.